# ڕۆڵی کورد لە ململانێ ی شیعە و سونە دا.

تە قینە وە ی کازمیە لە گە ڵ دڕندە یی شێوازی نامرۆڤانە ی و جۆری قوربانیانی سڤیلی ئە و کارە سا تە ، گە ر نمایشکردنی بە ردە وامی ئیسلامی سیاسی ( لە ئێستادا سونە ڕابە ر) بێت، ئە وا تە خت کردنی  لە مپە رە کانی بە ردە م شە ڕێکی خوێناوی نێوان شیعە و سونە یە کە چیتر ڕابە رانی بە رە ی شیعە ناتوانن خە ڵکی خۆیان بە بیانووی دە سە ڵاتی ناوە ند، کە خۆیان بە میراتگری  دە زانن  ڕاگرن.

گە رچی دە بوا 9 ی نیسان دووبارە ی شە ڕی یۆگسلا فیای کۆن بوایە تا ڕادە ی جینۆساید، لە نێوان دوولایە نی میراتگری ( خە لیفە و سوڵتانی ئیسلام و کۆشکی کۆماری بە غداد ) ، بە ڵام چۆن ئە وە پرسیارێکی زۆر ڕامیاریانە یە ، ئاوە هاش گە ر ڕۆژانی داهاتوو سە رە تای ئە و جە نگە نە بێت ( کە ڕوونە دانی زۆر دە گمە نە) ، ئە وە لە هە رە سە یرە کانی فە رهە نگی ڕامیاری مێژووی  نوێ ی عێراقە.

دە بێت ڕۆڵی کورد لە ململانێکی خوێناوی وادا چۆن بێت....؟ ئە مە پرسیارێکە داخۆ سە رکردایە تی خە ڵکی کوردستان چۆن خۆی بۆ ئامادە دە کات.

گە رچی شیعە وە کو گە لی کوردستان قوربانی 80 ساڵی دە وڵە تی عێراقن و ، ڕژێمی بە عس لە بە رە ی ئۆپۆزیسۆنی کۆندا ( بە ناچاری) کردبوونی یە دۆستی یە کدی و دوژمنی سە دام. بە ڵام بە داخە وە لە گە ڵ ئە و ململانێ و جیاوازی یە قووڵ و گە ورە یە ی لە گە ڵ ( سونە ی عێراق ) هە یانە ، بە رامبە ر کێشە ی نە تە وایە تی خە ڵکی کوردستان ڕێك وە ك عە رە ب بیر دە کە نە وە گە رچی وە ك مە زهە ب دە بنە وە بە ئێرانی.

بە و پێ یە ی سونە ڕۆڵی سە رکردایە تی لە دە ست داوە و ململانێ ی سە رە کی بۆ دە سە ڵات لە گە ڵ شیعە یە ، و داواکانی خە ڵکی کوردستانیش بۆ کوردستانە . بۆیە شە ڕی داهاتوو ناگاتە کوردستان و هە ردوو لایە ن بۆ دۆستایە تی کورد و دوژمنایە تی یە کتر پێویستیان بە کورد هە یە ، بۆیە لە بە رژە وە ندی ( نە تە وە یی ) دۆزی کورد دە شکێتە وە

بە بڕوای من لە گە ڵ گووتاری ( ناسیۆنالیستانە ی عە رە بی سونە ) دژ بە کورد لە کێشە ی دە ستووری عێراقدا ، هێشتا سونە داخوازیە کانی کورد پتر دە سە لمێنێت بۆ پارسە نگی کە مایە تی  خۆی لە بە رامبە ر دوژمنی سە ر سە ختی ئێستا و داهاتوویدا.

مامە ڵە و هە ڵوێست وە رگرتن لە شە ڕێکی وادا ( ناکرێت بە سۆز و هە ست ) بکرێت. تا ئە و پە ڕی توانین کە ڵکی لێ وە ربگیرێت بۆ کێشە ی گە لێك ( کە  عە رە بی عێراقی) بڕوای بە وە یە کە هە ر مافی چارە ی خۆ نووسینێك شکۆمە ندی عە رە بایە تی ئە و کە م و بێ نرخ دە کاتە وە و هە رگیز سازشی لە گە ڵ ناکات( گە ر بتوانێت) .

کە م نە تە وە هە ن وە ك کورد قوربانی شە ڕ و کارە ساتە کانی شە ڕ بن ، بۆیە زۆر ئاشقی ئاشتی یە ، بە ڵام شە ڕی ( شیعە و سونە ) نە کورد دروستی دە کات ، نە دە شتوانێت بە ری پێبگرێت. شە ڕێکە وە ک جە نگی ( عێراق - ئێران) ، کە شە ڕی ( کورد و کورد) نە یهێشت وە ك پێویست سوود مە ند بێت.

دە کرێت بە دامە زراندنی دە وڵە تی فە لە ستین و لێدانی ئێران و سوریا ، کێشە ی کوردستانیش لە ڕۆژهە ڵاتی ناوە ڕاست بگاتە قۆناخێکی بە رزترە وە . کە ڕۆڵی کورد تیایدا سە رە کی و لە کۆتاییشدا دامە زراندنی دە وڵە تی نە تە وە یی خۆیە تی.

شێرزاد خە راجیانی